# مانا ومەبەستی سیاسەتی شەرعی

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**حاجی ئومێد چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# مدلول ومعاني السياسة الشرعية

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# مانا ومەبەستی سیاسەتی شەرعی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر محمــد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵە بەرێزەکان وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

خۆشەویستان لێرە ولەوێ هەندێك جار دەبیستین کە ئیسلام وبیروباوەڕەکەی پەیوەندیەکە لەنێوان بەندە و پەروەردگاردا، هیچ پێویست بەوە نەکات تێکەڵاوی سیاسەت بکرێت، بەبیانوی ئەوەی گوایە ئیسلام بۆ بارودۆخ وسەردەمێکی تایبەتی خۆی هاتووە، وبۆ ئەم سەردەمەی ئێمە ناشێت، ئەو کەسانە لەوە تێنەگەیشتوون کەئیسلام عەقیدە وشەریعەتە، واتە ئیسلام بیروباوەڕ و یاساورێسایە، بیروباوەڕە بەو مانایەی کە مرۆڤ باوەڕی بەهەر شەش پایەکەی ئیمان وهەر پێنج پایەکەی ئیسلام هەبێت، لەهەمان کاتدا شەریعەتیشە کە دەبێت بکرێتە

یاسا وڕێسا بۆ بەڕێوەبردنی ژیان وڕێکخستنی پەیوەندیە نێوخۆی ونێودەوڵەتیەکان.

جا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە هەوڵدەدەین بەپێی توانا هەرجارە وبابەتێك لەبارەی سیاسەتی شەرعی ڕوون بکەینەوە، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز وفەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ ئاماژە کردن بەڕاوبۆچوونی زانایانی ئیسلام لەم بارەیەوە.

سیاسەت لە زمانەوانیدا: بە مانای (الفساد) و (الجبلة) و ( التدبير) دێت کە ئەمەی دواییان مەبەستی ئێمەیە، کە بەواتای بەڕێوەبردن وتەدبیرکردنی کاروبارەکان دێت.

لەقاموسە عەرەبیەکانیشدا هاتووە: « ساس الدابة أو الفرس : إذا قام على أمرها من العَلَف والسقي والترويض والتنظيف وغير ذلك » واتە: ئاژەڵەکەی یان ئەسپەکەی ڕادەهێنێت، هەرکاتێك هەستا

بەدابینکردنی کاروباری پێدانی ئالیك وئاو وراهێنان وپاکژکردن وهەندێك شتی تریشی.

بۆیە دەبینیت هەندێك لە زمانناسانی عەرەب ووتویانە: مەبەست لەسیاسەت ئەم کارەی مرۆڤ بووە لەگەڵ ئاژەڵدا، پاشان کە توانی ئەم کارە بە رێکوپێکی بکات، هەنگاوی نا بۆ بەرێوەبردنی کاروباری مرۆڤەکانی دەوربەری، هەر لەبەر ئەمەیە خاوەنی کتێبی (القاموس) دەڵێت: « ومن المجاز: سُسْتُ الرعية سياسة: أمرتهم ونهيتهم. وساس الأمر سياسة: قام به. والسياسة: القيام على الشيء بما يصلحه» [مادة (سوس) في تاج العروس (١٦٩/٤) طبعة دار صادر. بيروت.]

بەکارهێنانی ووشەی (سیاسەت) هەقیقەت بووە لە بەرێوەبردن وراهێنانی کاروباری ئاژەڵ، ومەجازە لەبەرێوەبردنی کاروباری مرۆڤەکاندا، سیاسەتیش بەم مانایە بریتیە لەهەستان بەکارێك کە بەرژەوەندی مرۆڤەکانی تێدا بێت،

سیاسەتیش بەمانای بەڕێوەبردنی کاروباری مرۆڤەکان، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەفەرموودەیەکدا ئاماژەی پێکردووە، وەك فەرموویەتی: « كانت بنو إسرائيل تسوسهم الأنبياء ، كلّما هلك نبيّ ، خَلَفَه نبيّ ، وإنَّه لا نبيَّ بعدي » [رواه البخاري ح (٣٤٥٥) ، ومسلم ح (١٨٤٢)] .

واتە : پێغەمبەرەکان کاروباری بەنوئیسرائیلیان بەڕێوەدەبرد، جا هەرکاتێك پێغەمبەرێك وەفاتی بکردایە، پێغەمبەرێکی تر جێگای دەگرتەوە، بەڵام پاش من ئیتر پێغەمبەر نایەت.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەزمانی عەرەبیدا سیاسەت بەمانای بەڕێوەبردن و تەدبیرکردنی کاوربارى مرۆڤەکان هاتووە، بۆیە پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) ووشەی (تسوسهم) ی بە کارهێناوە. ئیمامی نەوەوی لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا ووتویەتی:« يتولون أمورهم كما تفعل الأمراء والولاة بالرعية» [ شرح صحيح مسلم، للنووي ٣٢٠/١٢] واتە:

پێغەمبەرەکان کاروباری ئەوانیان لەئەستۆ دەگرت، هەروەك چۆن ئەمیر وکاربەدەستەکان لەگەڵ ڕەعەیت وژێردەستەکانیاندا کاروبارەکانیان لە ئەستۆ دەگرت .

هەندێکی تریش ووتویانە گوایە ووشەی (السياسة) لە بنەمادا ووشەیەکی فارسیە ولە دوو برِگە پێکهاتووە، کە بریتیە لە (سە) لەگەڵ (یسا)، (سە) بە مانای سێ دێت، و(یسا) ش بە زمانی مەغولی بەمانای (التراتيب) واتە ڕێکخستن یان یاساکان دێت، لەکۆتاییشەوە بەم شێوەیەی لێ دێت: کە مەبەست پێی هەر سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان وجێ بەجێکردن ودادوەریە، ئەمەش خوێندنەوەی شهاب الدين الخفاجی یە، لەڕاستیشدا ئەم لێکدانەوەیە لای زۆربەی زانایانی زمانەوانی عەرەبی جێگای قبوڵ نییە، چونکە ئەوان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە ووشەی (السياسة) ووشەیەکی عەرەبیە، چونکە عەرەب لەکۆنەوە ووتویانە: « سُوِّس فلان أمْر بني

فلان ، أي : كلَّف سياستهم ، وملك أمرهم » واتە: فڵان كەس كاروباری فڵان هۆزی گرتە ئەستۆ.

پێناسەی سیاسەتی شەرعی لە زاراوەی شەرعناساندا:

زانایانی شەرعناس زاراوەی سیاسەتی شەرعیان بۆ تەنها یەك مانا و مەبەست بەكار نەهێناوە، بەڵكو ئەم دەستەواژەیە بۆ چەند مانا ومەبەستێك بەكارهاتووە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم چەمكە لای زانایان ووردە ووردە گەشەی كردووە، ئەویش هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبواری فۆرمەلەكردن وتیۆریەوە كات وزەمەنێكی وویستوە تا هەنگاوی ناوە بۆ بواری جێ بەجێكردن وپراكتیزەكردن، وەك هەموو زانستەكانی تر كە لەگەڵ تیپەڕبوونی كات وزەمەندا پێویستیان زیاتر بە ئەو بابەتە نوێیانە هەبووە كە پێشتر نەبوون، ئەمەش دەرەنجامی ئەوەی دەستەواژەی سیاسەتی شەرعی لای ئەو زانایانەی كە لەبوارەكانی غەیری حوكمە فیقهیەكاندا ئەسپی خۆیان تاوداوە

بۆ چەند مانایەك ئەم دەستەواژەیەیان بەكارهێناوە، هەر بۆیە لەكۆتاییەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە زاراوەی سیاسەتی شەرعی بۆ زیاتر لەمانا ومەبەستێك بەكارهاتووە:

زانایانی پێشین ودوای ئەوانیش چەند پێناسەیەكیان كردووە بۆ ئەم جۆرە لە سیاسەت كە مەبەستمان پێی سیاسەتی شەرعیە، هەندێكیان پێناسەیەكی گشتگیریان بۆی كردووە، و هەندێكی تریان پێناسەیەكی تایبەت ودوور لەگشتگیری، هەندێكی تر لە لێكۆڵەرەوەكانی ئەم سەردەمەی خۆمان لە پێناو پێناسەیەكی وورد وڕێكوپێك چەند بڕگەیەكیان بۆ پێناسەكانی ئەوان زیاد كردووە، ئێستاش كاتی ئەوە هاتووە هەندێك لەو پێناسانە بخەینە بەردەم بەرێزتان :

پێناسەی یەكەم : ئەو پێناسەیەیە كە ابن عقیلی حەنبەلی بۆ سیاسەی شەرعی كردووە، كە دەڵێت: « ما كان من الأفعال ، بحيث يكون الناس معه أقرب إلى الصلاح ، وأبعد عن الفساد ، وإن لم يشـرعه الرسول

صلى الله عليه وسلم ، ولا نزل به وحي » [إعلام الموقعين لابن القيم : (٤/ ٣٧٢) ] واتە : سیاسەتی شەرعی بەو کاروکردەوانە دەوترێت، کە خەڵکی لەرێگایانەوە نزیکتربن لەصەلاح وچاکسازی، و دوور بن لە فەساد وخراپەکاری وگەندەڵیەوە، هەرچەند ئەم جۆرە لەسیاسەت پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) تەشریعی نەکردبێت و وەحیش لەسەری دانەبەزی بێت .

واتە : هەرکاروکردەوەیەك کە ئەنجام بدرێت، بەو مەرجەی خۆشگوزەرانی وصەلاح وچاکسازی بەدوایی خۆیدا بهێنێت بۆ هاوڵاتیان و دژایەتی خراپەکاری و گەندەڵی بکات، هەرچەند پەیرەوکردنی جۆری ئەو کارەی کە فەرمانڕەوا لەم پێناوەدا دەیگرێتە بەر دەقی قورئان وسونەتیشی لەسەر نەبێت .

پێناسەی دووەم : پێناسەی ابن نجیمی حەنەفیە کە دەڵێت : « فعل شيء من الحاكم ؛ لمصلحة يراها ، وإن لم يرد بذلك الفعل دليل جزئي » [ابن نجيم الحنفي، البحر الرائق: شرح كنز الدقائق ٤١/١٣]

واتە : هەرکار وکردەوەیەك کە فەرمانڕەوای موسڵمانان بیکات وبەلایەوە وابیت کە لەبەرژەوەندی خەڵك وولآتدایە، هەرچەند بەڵگەیەکی دیاری کراوی ووردیش لەو بارەیەوە نەهاتبێت (مەبەست پێی بەڵگەیە لەقورئان وسوننەت) .

بەوورد بونەوە لەم دوو پێناسەیە بۆ سیاسەتی شەرعی، دوو مەنهەجمان لە مەنهەجی زانایان بۆ دردەکەوێت : مەنهەجێکیان مەنهەجێکە کە لایەنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بەسەریدا زاڵە، مەنهەجی دووەمیش مەنهەجێکی فیقهی شەرعیە کەزیاتر ڕێگا بۆ فەرمانڕوایان ڕوون دەکاتەوە بەچ شێوە وپلان و ئالیەتێك وولات بەرێوەببەن کە لەچوار چێوەی شەریعەتی ئیسلام دەرنەچێت و بەپێوەرەکانی شەریعەت ڕێکبخرێت.

بەم شێوەیەش دەتوانین پێناسەی زانایان بۆ سیاسەتی شەرعی دابەش بکەین بۆ دوو مانا ومەبەست، یەکێکیان مانایەکی گشتگیرە، ئەوی دیکەیان مانایەکی تایبەتە.

مانای یەکەم : سیاسەتی شەرعی بەمانا گشتگیریەکەی مورادیف وهاومانای ئەو دەستەواژەیە کە زانایان بە (الاحکام السلطانیة) ناویان بردووە، کە بریتیە لە « اسم للأحكام والتصرفات التي تدبر بها شؤون الدولة الإسلامية ، في الداخل والخارج ، وفق الشريعة الإسلامية ، سواء كان مستند ذلك نصاً خاصاً، أو إجماعاً أو قياساً، أو كان مستنده قاعدة شرعية عامة » واتە: مەبەست پێی ئەو ئەحکام وهەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە کە بەهۆیانەوە کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامی بە پێی شەریعەتی ئیسلام بەرێوە دەبرێت، جا چی ئەگەر پاڵپشتی بەدەقێکی تایبەت لەقورئان وسوونەت بێت، یان بەڵگەی کۆدەنگی زانایان یاخود قیاس بێت، یان ئەگەر پاڵپشتی بە قاعیدەیەکی گشتی شەرعی کرابێت .

کەوابێت سیاسەتی شەرعی بەمانا گشتیەکەی : هەموو ئەو کاروکردەوانە دەگرێتەوە کە فەرمانڕەوای موسڵمانان لەبەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆ و ڕێکخستنی بەرژەوەندی هاوڵاتیان وقەزاوەت کردن لەنێوانیان وجێ بەجێکردنی فەرمانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی وڕێکخستنی پەیوەندیەکانی ئەو دەوڵەتە لەناوخۆ و دەرەوەدا، جاچی ئەو کارانەی کە فەرمانڕەوای موسڵمانان ئەنجامی دەدات بەڵگەیەکی ووردی تایبەتی لە شەریعەتدا لەسەر بێت، یان لەسەریشی نەهاتبێت، یان هەندێك جار ئەو ئەحکامانە بە پێی هەلومەرجی رۆژگار وکات گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، ئەویش ئەو کاتەی کە وەك زانایان دەڵێن (مناط) ی ئەو حکومەش گۆڕانکاری بەسەرداهات .

ماناى دووەم : پێناسەی سیاسەتی شەرعی بەمانا تایبەتیەکەی :

ئەم پێناسەیەش خۆی لەخۆیدا لەژێر پێناسەی یەکەمدا جێی دەبێتەوە دەچێتە ناو ماناى (ئەحکامی سوڵتانیە) وە، ئەویش

بەحوكمی سروشتی ئەحكامەكان وبنەمای تەشریعیان، هەردوكیان ئەوەشیان لێی دەخوێنرێتەوە كە ئەحكامەكانیان قابیلی گۆڕانكارین ، بەمەرجێ (مناط) كەیان گۆڕانكاریان بەسەردا بێت .

لەكۆتاییشەوە سیاسەتی شەرعی بەمانا تایبەتیەكەی بریتیە لە : « كل ما صدر عن أولي الأمر، من أحكام وإجراءات ، منوطة بالمصلحة ، فيما لم يرد بشأنه دليل خاصّ ، متعيّن، دون مخالفة للشريعة » واتە : هەر كارێك یان هەر هەڵوێستێك كە فەرمانڕەوای موسڵمانان پێی هەڵبسێت، جا چی ئەحكام بێت یان كۆمەڵێك ئیجرائات وڕێوشوێن بێت كە دەیگرێتە بەر، بەڵام بەو مەرجەی لەبەرژەوەندی هاوڵاتیان ودەوڵەتی ئیسلامیدا بێت، وبەڵگەیەكی تایبەتیش لەسەر ئەو كارانە نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت پێچەوانەی یاساكانی شەریعەتی ئیسلام بێت.

ئەم پێناسەیە كەمێك پێویستی بەڕاقەكردن وشیكردنەوە هەیە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

كاتێك دەڵێین: « كل ما صدر عن أولي الأمر» هەركارێك فەرمانڕەوا (ولی الأمر) ی موسڵمانان پێی هەڵبسێت وئەنجامی بدات، لەو ڕوانگەیەوە سەیركراوە، ئەو كەسەی كە تایبەتمەندە بەوەی هەڵبسێت بەم كارە، ئەویش بریتیە لەفەرمانڕەوای موسڵمانان، بۆیە دەبینین زانایان لەبارەی ڕاقەكردنی ووشەی (ولی الأمر) ـەوە وتویانە مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەمیر و زاناكانن، چونكە ئەمیرەكان كاتێك دەبێت خەڵك گوێڕایەڵیان بكات ئەوەی فەرمانی پێ دەكەن بەپێی زانستی زانایانی ئیسلام بێت، هەروەك چۆن كاتێك مرۆڤ بەگوێی ووتەی زانایان دەكات ئەگەر هاتوو ووتەی ئەوانیش بەپێی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) بێت، بەم پێیە گوێڕایەڵی فەرمانی فەرمانڕەواكان پاشكۆی گوێڕایەڵی فەرمانی زانایانی ئیسلامە، جا ئەگەر هەركاتێك ئەو فەرمانڕەوایە خۆی

گەشتبێتە پلەیەکی وا لەزانست ومەعریفە وئیجتهاد کردن، ئەو کاتە سیاسەت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئەو ئەمیرە پرس وڕاوێژ بەو کەسانە بکات کە ئەهلی مەشورەت و پرس وڕاوێژن .

بەم پێیەش کە زانایان بەشێکی سەرەکی بوون لەجێ بەجێکردن ودەرکردنی فەرمانی فەرمانڕەواکانی ئوممەتی ئیسلام، ئەو کاتە ئەو فەتوایانەشی کە لایەن زانایانەوە دەردەکرێن بەشێکی سەرکین لە سیاسەتی شەرعی، هەروەك (عبد الواحد بن الحسين الصيمري) ئاماژەی کردووە بە مەسئەلەیەکی گرنگ لەم بارەیەوە، ووتویەتی : « إذا رأى المفتي المصلحة أن يفتي العامي بما فيه تغليظ ، وهو مما لا يعتقد ظاهره ، وله فيه تأويل ، جاز ذلك زجراً له، كما روي عن ابن عباس رضي الله عنهما أنه سئل عن توبة القاتل فقال لا توبة له وسأله آخر فقال له توبة ثم قال أما الأول فرأيت في عينه إرادة القتل فمنعته وأما الثاني فجاء مستكينا قد قتل فلم أقنطه » [ آداب الفتوى والمفتي والمستفتي، للنووي، ص ٥٦ ] واتە : ئەگەر هاتوو موفتی وای بەباش زانی وبەرژەوەندی وایدەخواست کە

فەتوایەك بۆ كەسێكی (عامی) بەشێوەیەكی قورس بدات، كە زاهیری ئەو مەسئەلەیە واینەدەخواست، بەڵام بۆ ئەو فەتوایە لێكدانەوە وتەئولێكی خۆی هەبوو، ئەوە دروستە چونكە ئەو فتوایە وەك سزا وریگریەك وایە، هەر بۆیە دەبینین ڕیوایەتكراوە لە ابن عباسەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) كە كەسێك پرسیاری لێ كرد لەبارەی تەوبەی كەسێك كە خەڵكێك بكوژێت، لەوەڵامدا ووتی : تەوبەی بۆ نییە، دوای ئەو كەسێكی تر هەمان پرسیاری لێكرد، بەڵام ووتی : بەڵێ تەوبەی بۆ هەیە، ئەمجا ووتی : كەسی یەكەم كاتێك پرسیاری كرد لەچاوەكانیدا ئەوەم دەخوێندەوە كە دەیویست كەسێك بكوژێت، بۆیە ڕێگریم لێكرد وووتم تەوبەی بۆنییە، بەڵام كەسی دووەم پێدەچوو كەسێكی كوشتبێت و دەیویست تەوبە بكات، بۆیە نەمویست بێ هیوا ونائومێدی بكەم لەڕەحمەتی خوا .

ئەمەش ناوكرۆك و ناوەڕكی سیاسەتی شەرعیە، بەمانا تایبەتیەكەی، چونكە موفتی دەبێت ئاگاداری حاڵی ئەو كەسە

بێت کە فەتواکەی بۆ دەدات، بەشێوەیەك بێت کەلەگەڵ حاڵ و گوزەرانی ئەو کەسەدا پێك بێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی فرە تەڵاق خۆر هاتە لای موفتی و پرسیاری ئەوەی لێکرد ئایا تەڵاقی سێ بەسێ یەك تەڵاقە یان هەر سێ تەڵاقەکەی پێ دەکەوێت ؟ ، جا ئەگەر موفتی زانی حاڵی ئەو کەسە چۆنە، ئەوە بۆ تەمێ کردنی ئەو کەسە دەتوانێت فەتوا بەوە بدات کە تەڵاقی سێ بەسێ هەر سێ تەڵاقەکەی پێ دەکەوێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەگەر کەسێکی تر هاتو هەمان پرسیاری کرد لە موفتی بەڵام ئەو کەسە کەسێکی تەڵاق خۆر نەبوو، بەڵام لەدەمی دەرچوو بوو نەیزانی بوو، ئەو کاتە بە لێکدانەوە بۆ حاڵی کەسی دووەم موفی دەتوانێت بڵێت تەڵاقی سێ بەسێ یەك تەڵاقی پێدەکەوێت، چونکە ئەم فەتوایەی نابێتە هۆی بەسووك سەیرکردنی تەڵاق لەلایەن ئەم کەسەی دواییەوە .

کاتێکیش ووتمان ( من أحكام وإجراءات ) ئەوە تێدەگەین کە سیاسەتی شەرعی هەردوولایەنی تیۆری (نظري) و پراکتیك

(تطبيقي) دەگرێتەوە، بەواتای ئەوەی هەریاسا وڕێسایەك كە فەرمانڕەوای موسڵمانان دەری بكات بۆ ڕێكخستنی كاروباری هاوڵاتیان لەناوخۆ ودەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بە سیاسەتی شەرعی دادەنرێت، هەروەك چۆن ئەو ئیجرائات وڕێوشێنانەی كە دەیانگرێتە بەر بۆ بەڕێوەربردنی كاروباری دەوڵەت سیاسەتی شەرعین .

وە كاتێك دەڵێین : ( منوطة بالمصلحة ) مەبەستمان ئەوەیە دەبێت ئەوەی كە فەرمانڕەوایی موسڵمانان ئەنجامیان دەدات و دەیانگرێتە بەر دەبێت سەرچاوەیان لە ئیجتهادێكی تەواوی شەرعیەوە گرتبێت، كە بەرژوەندی تەواوی هاوڵاتیان دەوڵەتی ئیسلامی تێدا رەچاو كرابێت، كە هەموو ئەمانە پاڵپشتیان موستەنەدێكی شەرعی بێت یان بەلایەنی كەمەوە پێچەوانەی ئەحكامەكانی شەریعەتی ئیسلامی نەبێت، بەم پێیەش بێت ئەو ئەحكامانەی كە پەیوەندیان بە پەرستشەكانەوە

(عیبادات) یان بە بیروباوەڕەوە هەیە ناچێتە چوار چێوەی ئەم پێناسەی سیاسەتی شەرعی بەمانا تایبەتیەکەی .

کەواتە ئەو فەرمان وئەحکامانەی سەرچاوەکەیان لە جەهل ونەزانین ولە ئیجتهادێکی شەرعیەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بە سیاسەتی شەرعی دانانرێت،  بەڵام هەندێك لەزانایان دەڵێن ئەگەر هاتوو موافیقی ئەحکامەکانی سیاسەتی شەرعی بوو، دەکرێت نیسبەت بدرێتە پاڵ سیاسەتی شەرعی [مجموع فتاوی ابن تیمیة : ٤٣/٢٩] .

کاتێکیش دەڵێین ( فیما لم یرد بشأنە دلیل خاص متعین ) مەبەست لەوەیە ئەو ئەحکام و ئیجرائاتانەی کە دەقێکی تایبەتی شەرعی لەسەر بێت وەك قورئان وسوننەت و ئیجماع و قیاس، بە سیاسەتی شەرعی دانانرێت بە مانا تایبەتیەکەی، چونکە لەکاتی بوونی دەقێکی لەو شێوەیە فەرمانڕەوای موسڵمانان هیچ شتێکی لەبەردەمدا نییە ئەوە نەبێت کە ئیستدلالی

دەقەکان جێ بەجێ بکات، هەرچەند بەمانا گشتیەکەی دەچێتە چوار چێوەی سیاسەتی شەرعیەوە .

کاتێکش دەڵێین : ( دون مخالفة للشريعة ) مەبەستمان ئەوەیە مەرج نییە ئەحکام و ئیجرائاتەکانی سیاسەتی شەرعی کە فەرمانڕەوا ئەنجامیان دەدات دەبێت هەموویان دەقی شەرعییان لەسەر هاتبێت، بەڵکو ئەگەر هاتوو دەقیشیان لەسەر نەهاتبوو، بەڵام پێچەوانەی ئەحکامەکانی شەریعەتیش نەبوون، هەر بە سیاسەتی شەرعی دادەنرێت .

لەهەمان کاتدا ئەو سیاسەتەی کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە بە سیاسەتێکی شەرعی دانانرێت .

بۆ نموونە یاسا وڕێساکانی ئێستای هاتوچۆ، ئەگەر سەرنج بدەین دەەقی قورئان وسوننەت و کۆدەنگی زانایان و قیاسی شەرعیشیان لەسەر نەهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ بەرژەوەندی کاروباری هاولاتیان و دەوڵەتی ئیسلامیە، جێ

بەجێکردنیان دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی شەرعیەوە، هەر یاسا و ڕێسایەکی تریش لەبەرژەوەندی خەڵك و هاوڵاتیاندا بێتو هەرچەند دەقێکی شەرعیشیان لەسەر نەهاتبێت، جێ بەجێکردن وڕێکخستنیان دەچێتە چوار چێوەی سیاسەتی شەرعیەوە .

بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی ئەم ووتارەی ئەمجارەیەمان تا بەیەك گەیشتنەوە لەبابەتێکی تری لەم شێوەیە بەخوای گەورەتان دەسپێرم و خواتان لەگەڵ بێت .

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم .